# باخان:ڤالانتاین یەکەم ئەلبومی منە



کچێکی لاوی وەک باخان کە ماوەی سێ ساڵە لەبواری هونەر کاردەکات، وە یەکەم ئەلبومی خۆی بەناوی (ڤالانتاین) ئامادەکردووە، بۆ ماوەی دە ساڵە لە هۆڵەندا دەژی، تەمەنی هەژدە ساڵە، ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. ڕۆژنامەی ڕۆژی گەل بەباشی زانی چەند پرسیارێک ئاڕاستەی باخان بکات. لە لێدوانێکدا باخان وتی: لەسەر بانگێشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان هاتمەوە بۆ کۆنسێرتێک کە (٢٠٠٧/٨/١٢) بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان پێشکەش کرا. زۆر خۆشحاڵم بۆ چەند کلیپێک لە ئەلبومی ڤالانتاین، کە یەکەمین ئەلبومی منە پێکهاتووە لە هەشت تراک، گۆرانیەک بەکرمانجی سەروو وتراوە و ئەوانی تر سۆرانین، هۆنراوەکانی لەلان شاعیران (ئەدیب چەلکی - ئەکرەم ئەمین - ڕەنج سەنگاوی - هەرێم یاسین - حەمە سەعید حەسەن - حەمە سەعید ئیبراهیم ) ە دانراوە . گۆرانیەکان بەناوی( تۆ زەردەخەنەی لێو- گەڕیام- کێ وەکو من- چۆن دڵت دێ- چاو بەتەنیا- شەوانە- کەس لە عیشق ) ئەم بەرهەمانە کاری دەنگی لەلایەن ستۆدیۆی یەشار) لە هۆڵاندا بۆ کراوە، بەشێکی لە تورکیا کاری بۆ کراوە، بە سەرپەرشتی ئەندازیاری دەنگ (کاوە شێخ). دابەشکردنی (هێمن حسێن) و سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن (هەڵکەوت زاهیر) دانراوە. ئەم ئەلبومە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە تەواوی مادی و مەعنەوی گرتۆتە ئەستۆ، ئەم ئەلبومە تا ئێستا (٦) تراکی یەکەم بەناوی (کەس لە عیشق) کراوە بە کلیپ کە لەلایەن چرا میوزیک کاری کلیپی بۆ کردووە وە باخان ووتیشی بەدەر لە ئەلبومی (ڤالانتاین ) بەرهەمێکی ترم ئامادەیە کە هیچ زانیاریەکی لەبارەیەوە نەدا بەڵام وتی بەتەمام لە مانگی یانزەدا بڵاوی بکەمەوە، ئەوەشی ووت بەنیازم کۆنسێرت لە شارەکان بکەم، بە نیازم مانگی دوانزە بگەڕێمەوە کوردستان. وە ئەوەشی ووت کە تراکی (ڤالانتاین) ناوی ئەلبومەکەمە بە نیازم وێنەی بۆ بگرم لە ڕۆژی خۆشەویستی کە (٢/١٤) بڵاوی بکەمەوە، دەست خۆشی لە هەڵکەوت زاهیر دەکەم وە لەگەڵ ئەو کەسانەی هاوکاری منیان کردووە لە ئەلبومی (ڤالانتاین) ، ئەم ئەلبومەش لەلایەن (کۆڕەک میوزیک) بەم نزیکانە بڵاو دەکرێتەوە، بەو هیوایەم دوربێ لە کۆپی کردن.

**هەواڵە هونەرییەکانی دوالاپەرە لەلایەن (ڕەووەند حاجی)ە وە ئامادە دەکرێ**

لە لێدوانێکدا هێرش عەبدول وەهاب حاجی تایبەت بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند: ئێستا خەریکی زنجیرەیەکم کە لە دوو بەش پێکدێت هەربەشەو سی ئەڵقەیە، بەشی یەکەم کاری نوسینی تەواو بووە بۆ ماوەی پێنج ساڵ خەریکی نوسینی بووم، جارێ بەشی دووەم دەستم پێ نەکردووە کەناوی ئەم زنجیرەیە (بوکە شوشەی گریاو)ە.
هێرش بەدەر لەم کارەش کتێبێکی بەناوی (خۆشەویستی و ڕیکلام) لەچاپ دایە. ماوەتەوە بڵێین کە هێرش لەبواری شعر و هونەرو ئەدەب لە ڕۆژنامەکان بڵاودەکاتەوە.




ەلێدوانێکی تەلەفونی هونەرمەند(فاخیر حەریری) بەپەیامنێری ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند: ئێستا بۆ کاری کلیپی گۆرانی (زیز) لەسوریا لەگەڵ کۆمپانیایەکی عەرەبی خەریکی ئەنجامدانی کلیپەکەم، هەرلەوێش کاری مۆنتاژی بۆ ئەنجام دەدەم. ناوی گۆرانیەکەش(زیز)ە، کەهۆنراوەو ئاوازی (هۆشیار عەبدوڵا) یە.

## دڵم مەشکێنە




لە لێدوانێکی دا (هەڤاڵ ئیبراهیم) وتی: دوابەدوای ئەلبومی (خوزی) کە فرۆشتنێکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، من دەست خۆشی لە جەماوەری خۆم دەکەم، بۆ پێشوازی کردن لە ئەلبومی (خوزی).
وە (هەڤاڵ ئیبراهیم) ئەوەشی ووت: ئێستا خەریکی بەرهەمێکم کە لە ئەلبومەکەمدایە بەناوی (دڵم مەشکێنە) ئاوازو هۆنراوەی (هێور) دابەشکردنی خۆمە . وە لەڕێگەی کەناڵی ئاسمانی(زین تی ڤی) بەم نزیکانە لە تورکیا وێنەی بۆ دەگرم. ئەوەشی ڕاگەیاند بە دەعوەت نامەیەک لە کوردستانی سوریا بانگێشت کراوە بۆ کۆنسێرت.



## هیوادارم جەماوەرەکەم لێم زویر نەبن

کچە جوان و دەم بەخەندەی (کۆپانی) ڕۆژئاوای کوردستان،(هۆزان) ساڵی (١٩٨٢) لەدایک بووەو ماوەیەکی درێژە لەهونەری کوردی کاردەکات. پڕۆسەی ژیانی هاوسەری لەگەڵ (سالار سەروەر) ئەنجام داوە هەردوکیان هونەرمەندن و کوڕێکیان هەیە بەناوی (جگەر خوێن).تائێستا پێنج ئەلبومی گۆرانی هەیە.
لەسەردانێکی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل (هۆزان) وتی (ئێستا دوای ماوەیەک بێ دەنگی توانیم ئەلبومێکی گۆرانی تۆمار بکەم هیوادارم جەماوەرەکەم زویرنەبن لێم. ئەلبومەکەم لە هەشت تراک و دوو لاوک پێکهاتووە بەناوی (ژ.دل) ئاوازی ئەم ئەلبومە (شابان ڕەمەزان - سەمیر دەربۆدکی - سەعید گاباڕی - ئەحمەد چەپ- عەبدول ڕەحمان حاجی - سالار پەروەر)ە.
تێکستی ئەو ئەلبومە لەلایەن شاعیران (عەبدول ڕەحمان حاجی - ئەحمەد چەپ - پەروین بارزانی -سەعید گاباڕی - ئەحمەدی خانی - سەمیرە دەربۆدکی) یەوەیە. دابەشکردنی موزیک لەلایەن (سەید ئەحمەد ڕەواندزی کاری بۆ کراوە. کاری دەنگ لە ستۆدیۆی (نۆبەدار ئەرگوشی) تورکیا کاری دەنگی بۆ کراوە، هۆزان ئەوەشی ووت: کاری کلیپ و بڵاوکردنەوەو چاپ لەلایەن کەناڵی (زین تی ڤی) ئەنجام دەدرێت.

# قەڵەمێک



## لەیەکەم دێڕەوە!

لەیەکەمین دێری ئەم گۆشەیەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئەم گۆشەیە دەنگی گەنجێکە کە تا ئەو پەری نارازیبون نارازیە. دەنگی گەنجێکە کە دواترۆپک نیشتیمانی خۆی خۆشدەوێت. بەدەر لەمانەش هەمیشە لەدژی پیا هەڵدان و تەشهیرە بۆیە نوسین و گوتنی ئەم گەنجە لەم گۆشەیەوە تەواو گوزارشتە لەو ئازارانەی کە بەرۆکی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووەو دەگرێ.

من دەمەوێت لەم گۆشەیەوە هەموو ئەو شتانە بڵێم کە وەک گەنجێک هەستی پێدەکەم، ئیدی ئەو شتە ئازاربێت یان نا....

لەگۆشەی قەڵەمێک دا بەڵێن دەدەم کە زۆر بوێرانە ئەو گەندەڵی و ئازارانە بنوسمەوە، کە هەموو تاکێکی کورد پێوەی دەناڵێنێ و بەدەستیەوە گیرۆدە بووە، بۆتە دێوەزمەیەک و ڕۆحی ئەم مەملەکەتە دەردەهێنێ.. ئەو گەندەڵیانەی ئێستا بەر چاو دەکەون بوونەتە پەیامی مەرگ و هەموو ڕۆژێک بە گوێماندا دەچرپێنن و پێمان دەڵێن ئێوە ....... ئاخر ئێمە چی هەر لەبەر ئەوەی دەڵێین ئێستا کورد بەقۆناغێکی ناسک تێدەپەرێ و با دوژمنانمان پێ خۆش نەبێ بۆیە بێ دەنگ بووین ئەو هەموو ناعەدالەتیە قبوڵ دەکەین! بۆیە دەبێت وەک چۆن قەڵەمی گەنجێک ڕاستگۆیانە و بوێرانە دەنوسێت دەبێت ئاوەهاش حکومەت و پەرلەمان و تەواوی ئەو لایەن باڵادەستانەی کە بەراستی نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی چارەسەرێک بۆ بچوکترین کێشە. ڕاستگۆیانەو بوێرانە گوێ لە دەنگەکانی گەنج بگرن و هەر ڕاستگۆیانەش قەڵەمی گەنجێک بخوێننەوە. من ئەگەر باسی گەندەڵی و ئازار بنوسمەوە نامەوێت هەستی هیچ کەسێک بریندار بکەم و گۆشەکەم ناو زراندنی تێدا بێت، بۆ ئەوەی گۆشەکەم بەپاکی و دوور لەقسەی هەڵبەستراو بمێنێتەوە، هەمیشە شتێک دەنووسم کە هەستی پێ بکرێت و خەڵکی بەچاوی خۆی بیبینێ و بەدەستیەوە تاسەر ئێسقان بێزار بێت.

بەڵام دەبێت کۆمەڵگەش باش لەوە تێبگات کە سەردەمی بێدەنگی و ترسنۆکی تێپەریوەو ئیدی دەکرێت هەست بەوە بکەین کە بەمانای کەلیمە ئەم حکومەت و پەرلەمانەی کە ئێستاکە بونن، هەمووی موڵکی ئێمەن و هیچی موڵکی ئەوان نین.

بۆیە **گۆڕان** لەهەر لەحزەیەکدا بۆ میللەت ئاساییەو دەتوانیت بێ هیچ سڵەمینەوەیەک لەبەرانبەر هەر جۆرە توندوتیژیەکی شێوە دیکتاتۆری خاوەنی دەنگ و بەها ئەخلاقیانەکانی خۆی بێت.

لێ نامەوێت درێژە دادڕ بم و ئەمما دەڵێم: لێرە سوپاسگوزاری هەر بەرێزێک بم کە تەواوکەر بێت لەگۆشەی (قەڵەمێکدا) چونکە منی گەنج تۆم و پێکیشەوە هەموومانین.

Zanko_sardar@yahoo.com

**زانکۆ سەردار**

ROJI GEL

**Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK**

**ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا(ڕزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦**

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

**ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، باڵاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە ٢٠، ژمارەی تەلەفۆن :٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩ ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چواریاخ، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠**